# کیشەکانی خێزانی خاوەن منداڵی ئوتیزم:
# توێژینەوەیەکی چۆناییەتی لە پاریزگای هەڵەبجە

د. ئارام اسعد عبدالرحیم

aramsaad_87@yahoo.com

وەزارەتی پەروەردە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجە

ڕێکەوتی وەرگرتنی ڕەزامەندی توێژینەوە: ٢٠٢٤/٤/١٥

**پوختە**

بوونی منداڵی تووشبوو بە ئۆتیزم لە خێزانێکدا قەبارەیەکی زۆر لە گۆڕانکاری و ئەرک و بەرپرسیارێتی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئەگەر ئەم خێزانە نەتوانێت دەستبەجێ خۆی لەگەڵ ئەم قەبارە گۆڕانکارییەدا بگونجێنێت، تووشی چەندین کێشە دەبێتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی کیشەکانی خێزانی خاوەن منداڵی ئوتیزم، جۆری توێژینەوەکە لە جۆری وەسفی شیکاری چونایەتیە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری شێوازی چاوپێکەوتن بەکارهاتووە و چاوپێکەوتن لەگەڵ (11) دایك و باوك کە منداڵ ئوتیزمیان هەیە بە شیوەی هەرەمەکی سادە وەرگیراون، بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی داتاکان، شیکاری ناوەڕۆکی لە چاوپێکەوتنەکاندا بەکارهێنراوە. ئەنجامەی شیکردنەوە زانیارییەکان بەم دەرئەنجامانەگەیشتین، خێزان خاوەن منداڵی ئوتێزم تووشی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی دەبێتەوە هەندێکیان خودی منداڵەکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ ڕۆڵ دەبینێت و هەندێك لە کیشەکانی تر بە هۆی ناهۆشیاری کۆمەڵگا بە گشتی و کەسە نزیکەکانی دەرەوەی چوارچێوەی خێزان ، لە ڕووی دەروونییەوە خێزانی تووشی هیلاکی و ماندووبوونی زۆر کردووە، وەکو( دڵەڕاوکێ و ترس و بێئومیدی و خەم و خەفەت )و کاریگەری ئابووری وای کردووە کە ڕاهینان و چارەسەر کردنی منداڵ کە زەحمەت بێت، ئەو تێچوونانەی کە زۆربەی خێزانەکان توانای ئەوەیان نییە، ئەمەش وایان لێدەکات لە نیوەی ڕێگادا واز لە چارەسەرکردن بهێنن، نەبوونی زانیاری لەسەر ئوتێزم لای خێزانەکان، هۆکارە بۆ دروست بوونی کێشەی زیاتر لە شیوازی چاودێر کردنی پەروردەکردنی منداڵی ئوتیزم لە رووی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییەوە کەوای کردووە ئەرکی دایك و باوك ئەوەندی تر قورس بکات.

**چەمکەکان:** ئوتیزم ، منداڵ ، خێزان ، کیشەی خێزانی

**پێشەکی**

ئۆتیزم نەخۆشییەکی گەشەکردنە کە بە پەیوەندی نائاسایی و ڕەفتارە زارەکییەکان دەناسرێتەوە. نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە لە سێ ساڵی یەکەمی تەمەنیدا دەردەکەون، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە، بە دیاریکراوی لە ساڵی (1910) چەمکی ئوتێزم وەك تێکچوونی ئەژمارە کراو لە چەندین وڵات خرایە ناو لیستی تیکچوونە دەروونی و ژێرییەکانەوە.

ئەو کەسانەی ئۆتیزمیان هەیە بەزەحمەت پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا دروست دەکەن، لەسەرەتایی تەمەنی دووساڵی نیشانەکانی بە دەردەکەون، لەڕووی نیگا و قسەکردن و ڕەفتار و پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ مرۆڤەکاند، ئەم نیشانەیە بەزۆری لە منداڵییەوە و لە دوو ئاستدا پێش تەمەنی دوو ساڵ و نیو و دوای تەمەنی سێ ساڵی دەردەکەوێت ولە کوردستانیشدا ئەم جۆرە تێکچوونە بوونی هەیە ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە، لە چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی سەنتەر ڕاهێنان و چارەسەرکردنی ئوتێزم دروست کراوە، چەند سەنتەرکەی ناحکومیش لە شارەکانی تر هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە.

ئەم توێژینەوەیش (کێشەکانی خێزان خاوەن منداڵ ئوتێزم) یەکێکە لەو توێژینەوانەی کە ئامانجی دەرخستن و گرنگی پێدانی کێشەی ئەو خێزانانەی کە منداڵ ئوتێزمیان هەیە لە پارێزگای هەڵەبجە،چونکە بوونی منداڵێکی تووش بوو بە ئوتیزم تەنها کاریگەری لە سەر ئەو تاکە تووش بووە نییە، بەڵکو کاریگەری دەبێت لە سەر هەموو ئەندامانی خێزانەکە و ئەرکی خێزانەك قورس دەکات، توێژینەوەکەیش لە چوار بەش پێك هاتووکە بریتیە لە بەشی یەکەم: چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکە ودیاریکردنی چەمک و زاراوەکان و بەشی دووەم: مێژووی ئوتیزم، ڕێژەی بڵاوبونەوەی و جۆرەکانی تێکچوونی ئوتیزم و بەشی سێیەم: کێشەکانی خاوەن منداڵ ئوتیزم و بەشی چوارەم: ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە و خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکەو دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان و سەرچاوەکانی توێژینەوەکە.

**بەشی یەکەم:**

**باسی یەکەم : چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکە ودیاریکردنی چەمک و زاراوەکان**

**یەکەم/کێشەی توێژینەوەکە:**

خێزان یەکەمین بناغەی بنیاتنانی کەسایەتی منداڵە، ژینگەیەکی گونجاو و باوەشێکی گەرمە کە تیایدا دەتوانێت هەست بە ئاسودەیی بکات و کەسایەتی و متمان بەخۆ بوونی تیادا دروست بکرێت و هەندێك لە ئەرکی گرنگ و پێویستەکانی بەجێبهێنێت بۆ ئەندامەکانی"، ئەم ئەرکانە بۆ تێرکردنی پێویستی ئەندامەکانی لە ڕووی (هزری و سۆزداری و پەروردەیی )دەگرێتەوە، هەروەها خێزان هەڵدەستێت بە کاری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەندامەکانی. لە کاتێکدا کە خێزان توشی هەندێك کێشە دەبێت یان یەکێك لە ئەندامەکانی بە دەست نەخۆشی یان تێکچوونێکەوە دەناڵێنیت، ئیتر بە شیوەیەکی سروشتی کاری پیشەیی و ئەرکی پۆزەتیڤی پێشبینیکراو لە کۆمەڵگادا پەکی دەکەوێت و ئەمەیش کاریگەری لە سەر خێزان و ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگا دروست دەکات .

لە ئیستادا تێکچوونی ئوتێزم بە جۆرێك لە تێکچوونەکان ئەژمار دەکرێت ، لە کوردستانیشدا ئەم جۆرە تێکچوونە بوونی هەیە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە، بە پێ ئامارەکانی کۆمەڵەی ئوتێزم کوردستان کە لە ڕۆژی جیهانی ئوتێزم (2ی-نیسانی 2023)دا بڵاوکردوتەوە، نزیکە (3000) هەزا منداڵ ئوتیزم بوونی هەیە ، لە شاری هەڵەبجە نزیکە (88) منداڵ ئوتێزم هەیە کە لە لایەن لیژنەیەکی پزیشکی تەندروستی دەستنیشانکروان و لە بینایەکی تایبەت کە لە لایەن خیرخوازکە دروست کرا لە سەنتەر ئەتیزم هەڵەبجە ڕاهینانیان پێی دەکریت .

sjh@univsul.edu.iq

و ئەمەیش وای کرد کەئەم توێژینەو ئەنجام بدەین، ئەو کیشە و گیروگرفتانەی کە ڕووبەرووی خێزان خاوەن منداڵ ئوتیزم دەبێتەوە کە کاریگەری لە سەر خێزان و ئەندامانی خێزان و کۆمەلگا دروست کردووە.

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە**

هەموو توێژینەوە ئاکادیمی و زانستییەکان دوو بوار گرنگی خۆیانیان هەیە، کە بریتین لە:

أ-بواری تیۆری : خۆی لەگەیاندنی پەیامە تیۆرییەکانی بابەتەکەدا دەبینێتەوە، وەك ئاشکرایە، گرنگترین لایەنە تیۆرییەکە لەوەدایە، کە بەشێوەیەکی زانستییانە وابەستە بە بابەتی توێژینەوەکەوە بێت، لە کاتی نوسین لەوبوارەدا، ئەویش بە بەرجەستە کردن وتیشك خستنەسەر ئەو بابەتە تیۆری وپەرتووکە نوسراوانەی، کە لە سەر بابەتەکەن، ئەم توێژبنەوەیە خۆی دەبێنیتەوە لە کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر تیکچوونی ئوتیزم و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی خێزانی خاوەن منداڵی ئوتێزم دەبێتەوە، هەروەها کەمیی توێژینەوەی زانستیی ئەکادیمی لە کوردستان لە سەر کیشەکانی خاوەن منداڵ ئوتیزم بۆیە هەوڵماندا بۆ خستنەڕوو و گرنگیپێدانی بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بە ڕیگەی زانستی کە لە لایەن دام و دەزگا حکومییەکان وخێزان و کۆمەلگا هەوڵ کەم کردنەوەی بدرێت.

ب- بواری پراکتیکی : گرنگیی پراکتیکیی توێژینەوەکە، وێنەیەکی تەواوی ئەو کۆمەڵگایە بۆ بابەتی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، لە ڕێگای زانیاری وداتاکانەوە، ئەمەش وەڵامدانەوەی پرسیارو ئامانجەکانی لایەنە پراکتیکییەکە دەبێت، کە وەك پاڵپشتێکە، بۆ لایەنە تیۆرییەکە.

1-زانینی کێشەکانی خێزان خاوەن منداڵی ئوتیزم لە پاریزگای هەڵەبجە بە شیوەیەکی پراکتیکی و بە پشت بەستن بە داتا و ئاماری زانستی .

2- سود وەرگرتن لە دەرئەنجامە و راسپاردەکان ئەم توێژینەویە بو باشترکردنی ڕەوشی ژیانی ئەو خێزانانەی کە خاوەن منداڵ ئوتیزمن لە لایەن داموو دەزگا حکومییەکانەوە.

3 ئەم توێژینەوەیە هەولێك ، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە، بە شێوازێکی فراوانتر لەلایەن خوێندکار و توێژەرانەوە.

**سییەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

1- زانینی ئەو کیشە خیزانییانەی کە ڕووبەرووی خاوەن منداڵی ئوتیزم دەبێتەوە.

2- زانینی ئەو کیشە کە ڕووبەرووی منداڵ ئوتیزم دەبێتەوە لە ناوخێزاندا.

3- خستنە رووی گرنگترین کیشەکانی خێزان خاوەن منداڵ ئوتیزم لە لایەنەکانی (کۆمەڵایەتی " دەروونی و ئابووری).

**باسی دووەم : دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان**

**1- ئوتیزم: (Autism)** وشەیەکەی یۆنانییە" لە دوو بەش پێك دێت یەکەمیان(Aut)بە مانای خود، دووەمیان (ism)بە مانای بار، کە کۆ کراوەی هەردووشەکە دەبێت ( باری خود)(خلیل ،2009: 37).لە زمانی کوردیدا بە واتایی گوشەگیری دێت( قەرەچەتانی،2011: 156).

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ ئوتیزم لە ساڵی (1999): بریتییە لە تێکچوونی گەشە، لە سێ ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدا دەردەکەوێت، لە ئەنجامی تێکچوونی دەمارییەکان، کار دەکاتە سەر فەرمانەکانی میشك زۆر لایەنی گەشە ئەمەیش دەبێتە هۆی کەمی لایەنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لایەنی پەیوەندی زارەکی و نازارەکی و کاریگەری نەرێنی هەیە لە سەرمنداڵ (القبالی ، 2008، 228).

پێناسەی د.کارتزنەڵ( پسپۆری دەوونی): (وەڵامدانەوەیەکی نائاسایی بۆ پاڵنەرە رۆتینەکانی رۆژانەیە هەروەها بە شێوەیەکی رێکوپێك وەڵام ناداتەوە بۆ هەستەکان،بەڵام لەگەڵ بەرەو باشتر بوونی منداڵەکە لە رووی تەندروستیەوە وەڵامە نائاساییەکان کەمتر دەبن و لە ناو دەچن(kartzinel، 2010، 11).

پێناسەی ئیجرائی ئوتیزم: بریتیی لە تێکچوونی گەشە" لە ئەنجامی تیکچوونی فەرمانی دەماری مێشکەوە دروست دەبێت لە سێ ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ نیشانەکانی دەردەکەون و لەم توێژینەویدا ئە و منداڵ دەگریتەوە کە لە لایەن لێژنەکە تەندروستی دەستنیشانکراون لە سەنتەر ئوتێزم هەڵەبجە راهێنانیان پی دەکرێت.

**2- منداڵ :**

بە بریاری کۆمەڵەی گشتیی سەربە ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ژمارە 25\44 لە ساڵی 1989 جارنامەی گەردوون مافەکانی منداڵ ماددەی یەکەم ( منداڵ بە کەسێك دەگوتری کە تەمەنی لەهەژدە ساڵ کەمتر بێت) (قطامی، 1997: 17).

منداڵ ئەو جیهانە پاك وبێگەرد و فراوانەیە کە چەندین گۆڕانکاری خێرا و یەك لە دوای یەك و لەهەمان کاتدا ئاڵۆزە و تێکهەڵکێش دەگرێتەخۆ و چەندین لاپەرەی شاراوە لەو دیو سنورەکانی جەستەییەوە هێشتا لە بەرچاو ونن وپەیان نەبراوە(باجەلان، 2017: 10).

منداڵ قۆناغێکە پێیدا تێپەر دەبێت و تێیدا هەمیشە لایەنێکی وەرگرە بۆ پرۆسەکانی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی(محمد، 2009: 33).

پێناسەی ئیجرائی: بریتیی لەو منداڵانەی کە تووشی تێکچوونی ئوتیزم بوون لە پارێزگای هەڵەبجە، کە دەستنیشانکروان بە راپۆرتی پزیشکی ، تەمەنیان دەکەوێتە نیوان سێ ساڵی هەتا دوانزە ساڵ. 3 **خێزان :** خێزان گرووپێکە لە چەند کەسێك پێکهاتووە کە تیایدا بەهۆی هاوسەرگیری یان خوێنەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە هەروەها پێکەوە لە خانویەکدا دەژین و بە پێی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان یەکتردا کارلێك دەکەن و رۆشنبیرییەکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە(عونی ،1984، 6).

خێزان لە گروپێك خەڵکی یەکگرتوو لە سەر بنەمای کۆمەڵێك باوەڕ و ئینتیمای هاوبەش پێکهاتوون. کۆمەڵە ئەندامێك و بەرپرسێکی پلە بەرزی هەیە وەك سەرۆك (Havigerova,J , Haviger,J and Truhlarova,Z, 2013,p427).

خێزان: یەکەمین و سەرەتایترین یەکەی کۆمەڵایەتییە کە تاك بە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە واتە خێزان لانکەی مرۆڤایەتییە کە ئەرکی تێرکردنی زۆرێك لە پێداویستیە بایۆلۆژی و فسیۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی تاك دەگرێتە ئەستۆ( ابو جادو ، 1998: 247).

پێناسەی ئیجرائی: خێزان گرووپێکی کۆمەڵایەتی بچوکە لە دایك و باوك و منداڵ پێکدێت، خۆشەویستی و هاوسۆزی بۆ یەکتر دەردەبڕن و لێپرسراوێتی خێزانەکە لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، پاشان ئەرکی پەروەردەکردن و بەخێوکردنی منداڵ دەکەوێتە ئەستۆیان بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتاری منداڵ بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی پەسەند هەڵسوکەوت بنوێنێت ولێردا مەبەستمان ئەو خێزانانەی کە منداڵ ئوتیزم یان هەیە لە شاری هەڵەبجە.

**4- کێشەی خێزانی :** کورتهێنانە لە دابینکردن و تێرکردن پێداویستیەکانی خێزان، دەبێتە هۆی شێوازێك لە ڕەفتاری هەڵ و ئەمەش پێچەوانەی پێداویستیەکانی کۆمەڵگایە، لە بەر ئەوە بە هەڵوێست و بابەتێکی شەرمهێنەر و تێراماوی دادەنرێت، ڕووبەڕووی تاك و خێزاندا دەبێتەوە لایەنی زیندوویەتی وکارایی و بەرهەمی کەم دەکات هروها پلەی گونجاندنی لەگەڵ خۆی و ئەو کۆمەڵگایەی لێی دەژی لاواز دەکات.(کمال، 2005: 36).

سەنتەر نیشتیمانی بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و تاوانکاری لە قاهیر لەساڵی 1974 بەم شێوە باسی کێشەی خێزانی دەکات ( بارێکی تێکچوونی ناوەکی و دەرەکیە،لە ئەنجامی تێرنەبوونی پێویستی تاکێکی ناو خێزانەوە یان خێزان بە گشتی دروست دەبێت ، پێویستی بە ڕێکخستنی ڕەفتاری شێوازی تاکەکان یان شێوازە گشتیەکەی خێزانە، بە ئامانجی سارێژکردنی کێشەکەیان و هاوشانکردنی لەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵگا(السنهوری ، 2009: 120).

پێناسەی ئیجرائی: مەبەستەمان لە کیشەی خێزانی ئەو خێزانانە دەکرێت کە منداڵ ئوتیزم یان هەیە وکە کیشەی خێزانیان بو دروست بوو لە رووی کۆمەڵایەنی و دەروونی و ئابوورییەوە لە پارێزگای هەڵەبجە.

## بەشی دووەم : مێژووی ئوتیزم، ڕێژەی بڵاوبونەوەی و جۆرەکانی تێکچوونی ئوتیزم

### باسی یەکەم : مێژووی ئوتیزم

سەرەتا مێژووی دوزینەوەی ئوتیزم بە چەند قۆناغەك تێپەر بوو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزە (یوهانس ماسیسیوس) لە ساڵی( ١٥٠٤-١٥٦٥) لە بلاوکراوەیەکی چیرۆکی منداڵیکی تەمەن (12) ساڵان، زۆرینەی نیشانەکانی ئۆتیزمی تێدا دەرکەوتووە، لەو کاتەوە بروای وابووە ئەم منداڵە بریتیە لە تۆپەڵێك لە مرۆڤی بی هەست و بی گیانی شەرنگێزی و خراپەکاری لەگەڵیدا نیشتەجێی، پێویستە کپ بکرێتەوەو بخنکێنرێت و لە ناو ببرێت، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو شەیتانە بهێنرێت کە لە ناخیدا نیشتەجێیە(صالح، 2012 :18). دواترپزشکی سویسری باول ئیوجین بلولر( ١٨٥٧-١٩٣٩) بۆ یەکەم جار چەمکی ئۆتیزم لە ساڵی( ١٩١٠) بەکارهێنا وەکو نیشانەیەک بۆ جیابونەوەی کەسێتی ، هانز ئسبرجر (١٩٣٨ ) لە زانکۆی ڤیەنا لە نەمسا

زاراوەی بلولری (ئوتیزم بۆ تێکچوونیکی ژیری) گرتە خۆی لە وانەیەکی دا لە ئەڵمانیا دەربارەی دەروونزانی منداڵ وەسفی کۆمەڵیك لە کەموکوڕی کرد لە رەفتاری کۆمەڵایەتی لای منداڵان و لە وکاتەدا ووشەی ئوتیزم مانای هاوچەرخی وەرگرت(صالح، 2012 :19). دواتر لە لایەن پزیشکی دەروونی ئەمەریکی (لیو کانەر) لە ساڵی( 1943 )دا کاتێک چارەسەری(11) منداڵی دەکرد لە نەخۆشخانەکەیدا ، ئەم منداڵانە هەندێ نیشانەیان تیادابوو زۆر جیاواز بوو لە منداڵەکانی تر، گرفتی گفتوگۆکردن، گۆشەگیری ، ئەمیش بە ئۆتیزم ناویبردن ، ئەم شێوەیش ناونرا بە تەنگژەی کلاسیك هەروەها تەنگژەی کانەر و-لەسەر دەستی هەردوو زانا لورا وینج، یوتا فرایس ولە سالی (١٩٦٢) کۆمەڵەی نیشتمانی ئۆتیزم (National Autistic Society) یان دامەزراند وبە ئەنجامدانی چەندین توێژینەوە دەربارەی گەشەکردن ئۆتیزم ونوسینی چەند پەرتووکی لە سەر ئوتیزم هەروەها لەلایەن ئەندرێس ڕیت چەند حاڵەتێکی تر دەستنیشانکرا بەڵام ئەمجارەیان زیاتر لەلای کچ لە ساڵی (1966) و ناونرا تەنگژەی ڕیت، بەم شێوەیە تا دەهات ئەم حاڵەتانە بەرەو زیاتر دەرۆیشتن و هەر جارەش لە ژێرناوێکدا ، تەنانەت لە ساڵانی هەشتاکاندا دایك و باوکی ئەو منداڵانە هیچ چارەیەکیان نەبوو منداڵەکانیان بە شێوەیەك لە شێت دەدایە قەڵەم (کامل، 2005: 18) .

لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم چەمکی ئوتیزم بە شیوەی زانستی دەستی پێکردو چەندین توێژینەوەی زانستی و ڕاپورت لە بواری ئوتیزم لیکولینەوەیان لە سەر کراو گرنکی کە زۆر بەم بوار درا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە یەکێك لە دانیشتنەکانیان لە ڕۆژی 18ی دیسەمبەری ساڵی (2007 ) دا ڕۆژی 2ی نیسان دەستنیشان کردوو وەك ڕۆژی جیهانی ئۆتیزم.

**باسی دووەم: ڕێژەی بڵاوبونەوەی ئوتیزم:**

ڕێژەی بڵاوبوونەوەی تووشبوانی ئوتیزم لە هەموو جیهاندا لە زیادبووندایە، بەڵام بە پێی هەندێ ئاماری کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ تێکچوونی ئوتیزم، لە ساڵی (1999)لە هەر (10000) منداڵدا (4بۆ5) منداڵ بە ئوتیزم لە دایك دەبوون، ئەم ڕێژەی گۆرانکاری زۆری بە سەر دا هات، لە ساڵی (2003)دا لە هەر (250) منداڵ، منداڵێك بە ئوتیزم لە دایك دەبوو، لە ساڵی (2007) لە هەر (150) منداڵدا، منداڵێك تووشی ئوتیزم دەبوو، لە ساڵی (2009) ئەو ڕێژەی گەیشتە (1%) واتا لە سەد منداڵدا ،منداڵیکی ئوتیزم لە دایك دەبوو، لە ساڵی (2011) لە (88) منداڵ منداڵیکی ئوتیزم لە دایك دەبوو، بەرزبونەوە یان زیاد بوونی ڕێژەی تووشبوانی ئوتیزم وای کرد کە ببێتە سێیەم جۆری تیکچوونی گەشەی گشتی لە روی زیاد بوون و بڵاوبوونەوە(عەلی ، 2019: 130).

ئەم ڕێژەیە لە بەرزبونەوەدایە، هەندێك توێژینەوە پێیان وایە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامارەکان باسی لە تووشبوانی یەك منداڵ لە کۆی (68) دەکەن، لە هەر (42) کوڕدا یەك کوڕ ولە کۆی (189) کچ، یەك کچی تووشبووی ئوتیزم هەیە، واتە کوڕان لەکچان زیاتر تووشی دەبن، تا کچێك تووشی ئوتیزم ببێت، لە بەرامبەردا چوار کوڕ تووش دەبێت، لە تازەترین ئاماری خویی لە مانگی نیسانی (2023) سەنتەری ئەمریکی بۆ کۆنترۆڵکردنی زیاد بوونی ئوتیزم باسی ڕێژەی ئوتیزم دەکات لە ساڵی (2018)لە هەر (59) کەسێکدا (یەك) کەس و لە ساڵی (2020) لە هەر (44) (یەك) کەس لە ساڵی (2023) لە هەر (36) کەس (یەك) کەس لە دایك دەبێت( مرکز تخصص درمانی توانبخش اوتیسم، اونلاین، 2024 ). هەندێك ئامار ئاماژە بەوە دەکەن کەوا نزیکە(700000) حەوت سەدە هەزار تووشبووی ئوتیزم لە سعودیە هەیە، ڕێژەی



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ریزبەندی تووش بوونی ئوتیزم لە یابان (6%) لە کۆی گشتی دانیشتوان و لە چین رێژەکە ( 4%) و رێژەی تووش بوونی ئوتێزم لە ئوسترالیا (1%) لە هەموو (1000) لە دایك بونێکدا و لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا (20) حاڵەت لە هەموو (10000) لە دایك بووندا(قادر، 2013 :37).

سەبارەت بە رێژەی بڵاوبوونەوەی ئوتیزم ڕەنگە لە هەموو جیهاندا ئامارەی ورد و ئاشکرا نەبێت، هەموو ئامارەکان نافەرمین، سەبارەت بە ئامارەکانی هەرێمی کوردستانیش تا ئیستا هیچ ئاماریکی فەرمی و ورد نییە، ئەوەی هەیە ئامارەکانی کۆمەڵەی ئوتێزم کوردستان کە لە ڕۆژی جیهانی ئوتیزم (2ی-نیسانی 2023)دا بڵاوکردوتەوە زیاتر لە (3000) سێ هەزار تووشبووی ئوتیزم بوونی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، لە شاری سلێمانی زیاتر لە (700) توشبوو ولە شاری هەڵەبجە نزیکە (88) منداڵ ئوتێزم هەیە، کە لە لایەن لیژنەیەکی پزیشکی تەندروستی سلێمانییەوە دەستنیشانکروان ئیستا لە سەنتەری ئوتیزم هەڵەبجە ڕاهینانیان پێ دەکرێت.

**باسی سێیەم: جۆرەکانی تێکچوونی ئوتیزم**

تێکچوونی ئوتیزم لە نێوان بواری فرە شێواز و فرە دیاردەکاندا ڕوودەدات و لە نێوان تووش بووە سوك یان قورسەکاندا بەیەکدا دەچن، لە یەکنەچوون و جیاوازی هەیە لە ڕفتارەکانیان، بە مانای تەنها شێوازێك نییە بۆ منداڵی ئوتیزم و زۆر جار لە نێوان ڕەفتارێکی تێکچووی لە یەکچووی ئوتیزم ناتوانرێت جیاوازی بکرێت لە نیوانیاندا بە هۆی نزیکی لە یەکچوونەکان لە یەکتر بە شێوەی گشتی و لێرەدا هەوڵدەدەین چەند جۆریك بخەینە روو.

أ- کۆمەڵەی پۆلێن نەکراوە: ئەم کۆمەڵەی کەمترین نیشانەکانی ئوتیزمیان تێدایە، لە هەمان کاتدا ئاستی زیرەکییان بەرزە.

ب- کومەڵەی ئوتیزمی سادە: توشبوانی ئوتیزم لەم کۆمەڵەیە کیشەی کۆمەڵایەتییان وەك (پەیوەندی)هەیە، بەڵام رۆتین لای ئەم گروپە بەهێزە، پەیوەندییان بەشت و روداوەکانەوە بەهێز بۆ دروست کردنی رۆتین، لەگەڵ ئەویشدا بیرکۆڵیەکی سادەییان لە گەڵدایە، لە رووی زمانەوانیشەوە گرفتیان هەیە و پەیوەستن بە زمانێکی تایبەتەوە(عەلی ، 2019: 109).

ت- کومەڵەی ئوتیزمی مام ناوەند: توشبووانی ئەم کۆمەڵەیە کاردانەوە کۆمەڵایەتیەکانیان سنوردارە، ڕەفتارێکی یەك ڕێچکە و دووبارەیان هەیە، وەك جولاندنەوەی جەستە یان دەستەکان بە بەردەوامی، لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی زمانی تایبەتەوە سنودارن، دواکەوتنی ژیرییان لە گەڵدایە.

ث- کومەڵەی ئوتیزمی توند: ئەم کۆمەڵەیە بە قورسترین کۆمەڵە دادەنرێت، توشبووانی ئەم کۆمەڵەیە زۆر گۆشەگیرن و هیچ توانایەکی کۆمەڵایەتیان نیە، دواکەوتنی ژیری قورسیان هەیە، ئەم پۆلین کردنە بە پێ رێژەی ئوتیزم دیاری دەکرێت، ئەمەش لە نێوان ( سادە بۆ توند یاخود قورس) دەبێت ، بێگومان ئەوانەی رێژەی ئوتیزمەکەیان کەمە و بە سادە دەستنیشان دەکرێت، ئاستیان باشە و مامەڵە کردن لە گەڵیاندا ئاسانترە، بەڵام بەداخەوە، ئەوانەی لە گروپی توندن بێگومان ئاستیان لاوازە و دواکەوتنی ژیری توندییان لە گەڵدایە و پێویستیان بە ڕاهێنان و بەرنامەی زۆر تایبەت هەیە ڕەنگە بە درێژایی تەمەنیان پێویستیان بە هاوکاری هەبێت(مغلوث، 2006: 49).

**بەشی سێیەم: کێشەکانی خاوەن منداڵ ئوتیزم**

ئوتیزم یەکێکە لەو حاڵەتانەی کاریگەری زۆری هەیە لە سەر هەموو ئەندامانی خێزان، مەرج نیە تەنها کاریگەری خراپی هەبێت، بەتایبەت ئەگەر لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو دابین ودامەزراوەی باش و پسپۆری تەواومان هەبێت، لە نێو تووشبووانی ئوتیزمدا کەسانی بە توانا و بەهەرمەند دەدوزینەوە، کە بتوانین سود لە تواناکانیان ببینین، ئەو کێشانەی کە منداڵ ئوتیزم هەیەتی لە سەر خێزان لە رووی کۆمەلایەتی و دەروونی و ئابوورییەوە وزۆر لایەنی تر بەتایبەت ئەو قۆناغەنەی خێزان پێیدا تێدەپەرێت، لە قۆناغی هەست کردن بە بوونی کێشە و گرفتی منداڵەکە تا قۆناغی دەستنیشان کردن و چارەسەر، لە هەمان کاتدا کاریگەری خێزان لەسەر تووشبووی ئوتیزم و هاوکاری کردنی، چونکە ئەگەر خێزان زۆر لە قۆناغی دەستنیشان کردندا بمێنیتەوە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر منداڵەکە ولێردا بە کورتی لە سەر ئەو کیشەو گیروگرفتانەی کە رووبەرووی خێزانی خاوەن منداڵ ئوتیزم دەبێتەوە:

**أ-کێشە کۆمەڵایەتیەکان :**

کێشە کۆمەڵایەتیەکان تووشبوانی ئوتیزم لە سەر خێزان کەم نین، بە تایبەت لە کۆمەڵگایەك کە ئاستی هۆشیاری بەرز نەبێت، کاریگەرییەکەی تەنها لە سەر دایك و باوك نیە، بەڵکو کاریگەری لە سەر خوشك و براکانیش دەبێت، دەبێتە هۆی دابرانی تەواو خێزان لە کۆمەڵگە و بۆنە کۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش بە هۆی ئەو ڕەفتارەنامۆیانەوە کە تووشبووانی ئوتیزم هەیانە، هەندی جار کار گەیشتوەتە ئەوەی کە خێزانێك منداڵەکەی زیندان بکات یان ببیەستێتەوە، تەنها لە بەر ئەوەی لە چاوی کۆمەڵگا بیشارێتەوە،لە هەمان کاتدا بە هۆی ئەوەی کە هێشتا کۆمەلگا لەم جۆرە حاڵەتانە تێنەگەیشتووە، بۆیە تێروانینیان بۆ ئەو منداڵانە و ڕەفتارەکانیان بە جۆرێکە کە پرە لە گومان و توانج(عەلی، 2019: 241) .

خێزان ناوەندە بۆ منداڵ کە هەڵدەستێت بە پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی، ئەویش بە گرتنەبەری هۆکاری پێویست بەمەبەستی ئامادەکردنی منداڵ بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو، هەر خێزانە کە دەتوانێت مرۆڤ لە تەنها بونەوەرێکی زیندووەوە بگۆڕێت بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، کەواتە دەردەکەوێت خێزان یەکەیەکی سەرەکییە لە هەر ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیدا(زهری، 1990: 20).دەرکەوتنی منداڵ ئوتیزم کاریگەری زۆر هەیە لە سەر هەموو ئەندامانی خێزان، بە تایبەت دایك و باوك و خوشك و براکان، بە ڕێژەی جیاواز ئەم کاریگەری دەردەکەویت لە چالاکیەکانی خێزان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و خوشگوزەرانی و وەرزشی و پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکان دەبێت ئەنجام بدرێت، دایك و باوك وا هەست دەکەن کە ناتوانن هیچ خزمەتێك یان یارمەتیەك پێشکەش بە منداڵەکەیان بکەن، چونکە هێشتا فێرنەبوون چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵێکی ئوتیزمدا یان نیشانەکانی ئوتیزمدا بکەن(عبدالله، 2006: 287) . ئەو کاریگەریەش لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر، ولە باوکێکەوە بۆ باوکێکی تر و لە دایکێکەوە بۆ دایکێکی تر، جیاوازە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ جۆری پەیبردنی هەموویان بۆ هەڵوێستەکە و ڕوونکردنەوەی ئەو بارە بە گوێرەی ئاستی ڕۆشنبیری و ئایینی و زانستیان و هەڵوێستیان لە نێو خەڵك و هاورێیان و کۆمەڵگادا بۆ ئەو منداڵەیان، نەبوونی هۆشیاری خێزان وای کردوو کە خێزان تووشی هەڵەوشانەوەی بکات ، هەندێك جار ڕاراییی لە رووی پەیوەندی سێکسیەوە لە نێوان ژن و مێردا ڕوودەدات بە هۆی ترس لە وەچە خستنەوەی منداڵی لەم شێوەیە بۆ جارێکی تر ئەمەش دەبێتە هۆی هەرەس هێنانی پاڵنەرە سێکسیەکان یان بەهۆی چاودێریکردنی زۆری

منداڵە کەمئەندامەکەوە لایەنێکیان پەیوەندیە سێکسیەکان وەلا دەنێت وگرنگی پێنادات ئەمەیش دەبێتە هۆی دروست بوونی کێش لە نێوانیاندا لە هەندێك باریشدا دەبێتە هۆی جیابوونەوە لە نێوانیاندا(العزة، 2001: 93).

**ب کێشە دەروونیەکان :**

ئەو خێزانانەی تاکێکی کەمئەندامیان هەیە ڕووبەرووی زۆر لە فشارە دەروونییەکان دەبنەوە لە ڕێگای هەوڵدانیان بۆ خۆگونجاندن و هاوژیانی لەگەڵ کەمئەندامەکەیاندا بە جۆرێك لای هەندێکیان دەگاتە ڕادەی نەخۆشی، یەکەم قۆناغ کە خێزان تووشی دەبێت قۆناغی زەبری دەرونیە، دوای ئەوەی کە بۆیان دەردەکەوێت منداڵەکەیان دواکەوتووە یان ئوتیزمە، بۆیە تووشی شوك دەبن، زۆر جار ڕەتی دەکەنەوە و پێیان وایە شتی وا نیە، دواتر قۆناغی هەڵچوون و توڕەبوون ڕوودەدات ، کە پرە لە خەفەت و ئازار و رازی نەبوون و هەست کردن بە تاوان، هەندێ جار دایك هەست دەکات ئەو هۆکاری تووشبوونی مندالەکەیەتی بە ئوتیزم، چونکە دوای لە دایك بوونی منداڵەکەی زۆر گرنگی پێی نەداوە لە سەرەتا لە دایك بوونیەوە(عەلی ،2019: 234).یەکیك تر لە حاڵەت دەروونی کانی تر هەست کردن بە تاوان و لۆمەی خۆیان دەکەن، یان یەکتر تاوانبار کردن هەندێ جار وابیر دەکەنەوە، کە تاوانیکیان کردوە، بۆیە خوای گەورە سزای داوون( عەلی ،2014: 87). ڕەتکردنەوە، یان ئینکاری کردن یەکێکی تر لەو کێشانەی کە خێزان پێیدا تێدەپەرێت، ئەو کاتەی دایك داوای هاوکاری دەکات بۆ کێشەی منداڵەکەی، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرگری دەکات لەوەی منداڵەکەی ئاساییە و هێمن و لە سەرخۆیە و ئاستی زەیرەکی باشە و پێویستی بە یارمەتی زۆر نییە، ئەم کاردانەوانەی خێزان دەبێت بەرامبەر بە منداڵەکە وحاڵەتەکەی، زۆر جار جۆرێك لە فێڵی تێدایە بۆ ئەوەی خێزان بروا بە خۆی بهێنێت کە منداڵەکەی هیچ گرفتێکی نییە، جگە لەوەی تۆزێك دواکەوتووە، ئەو بیرکردنەوانە پێچەوانەی ڕاستیەکانیان بۆ دەردەخات(مصطفی، 2008: 48). خێزان بە دەست هەستی تووڕەبوونەوە گیرۆدە دەبن، لەوانەیە ئەو تووڕەبوونەیان ڕووبەڕووی ئەوانی تر بێت یان ڕووبەرووی خودی خۆیان بێت، ئەو ڕەفتاری خێزان لە ئەنجامی نواندنی ڕەفتارەی خەڵکانی ترەوە دەبێت کە بەرانبەر منداڵە کەمئەندامەکەیان ئەنجامی دەدەن مەبەست لە خەڵکانی تر لەوانەیە ئەندامانی خێزان بێت یان هاورێکانیان بێت(الریحانی ، 2010: 164).

**ج کێشە ئابوورییەکان:**

کێشەی ئابووری یەکیکە لە گۆشە گرنگەکان بۆ لێکۆڵینەوەی ژیانی تاك و گروپ لە هەر کۆمەڵگایەکدا، ئەمەش بە پلەیەکی گەورە پەیوەندیدارە بە سەرچاوە ئابووریەکانی خێزان لە بەر ئەوە لاوازی توانای ئابووری خێزان دەبێتە هۆی چەندین کێشە لەوانە: فەرامۆشکردنی منداڵ و شەرنگێزبوون و تەنانەت لادانیش ڕووبەروو دەبێتەوە ، ئەو کێشانە بە شێوەیەکی ڕیزبەندی هەرەشە لە کەسیەتی و داهاتووی منداڵ دەکات لە لایەك و سەلامەتی کۆمەڵگا لە لایەکی ترەوە، جگە لەوانەش لاوازی ئاستی ئابووری دەبێتە هۆی هەستکردن بە نا دڵنیایی بە هۆی نەبوونی ڕێکخستنی بۆ دابینکردنی هەندێك لە داوکاریەکانی خیزان و هەستی دابڕانیش دروست دەکات کاتێك خێزان ناتوانێت پێویستیەکانی ژیان دابین بکات، ئەمەش وا دەکات هەست بە لاوازی بکات بەرانبەر ئەوانی تری دەرەوەی خێزان( قادر، 2013: 84).

بوونی منداڵێکی ئوتیزم کاریگەری دارایی دەکاتە سەر خێزان ، ئەوەش بە هۆی چاودێری پزشکی و دەرمان و چارەسەر، بە تایبەت ئەگەر جگە لە ئوتیزم نەخۆشی و حاڵەتی تری هەبوو، کرێی گواستنەوە بۆ قوتابخانە یان سەنتەری تایبەت و سەردانی پزشك ..هتد، لە هەمان کاتدا ئەم کاریگەرییە قورستر دەبێت ئەگەر هاتوو یەکێك لە دایك و باوك یان ئەندامانی خێزانەکە وازی لە کارەکەی هێنا بە هۆی چاودێری کردنی منداڵەکەوە(عەلی،2019: 245). یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە خەرجی دارایی خێزان زیاد دەکات، کرێنی پێداویستی و کەرەستەی ڕاهێنانە، چونکە سەرجەم پرۆگرامەکان خەرجی تایبەتیان هەیە، ڕەنگە هەندێ لەو بەرنامە و پرۆگرامانە لە توانای هەندێ خێزان نەبێت، پاشان هەندێ تووشبووی ئوتیزم هەیە خوو بە جۆرە خواردنێکەوە دەگرێت، یان جۆرە یارییەك یان جلێکی تایبەت، یان هەندێکیان جۆرە نەخۆشییەکیان لە گەڵدایە، وەك بورانەوە، ئەمەیش پێویستی بە دەرمانی تایبەت و گران هەیە، بۆیە ئوتیزم لە هەموو خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان کاریگەری دارایی زیاترە لە سەر خێزان.

**بەشی چوارەم: ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە و خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە**

**باسی یەکەم:**

**1میتودی توێژینەوەکە**

توێژینەو کە جۆرێکی وەسفکەر-ڕوونکردنەوەدایە و بە بەکارهێنانی شێوازێکی چۆنایەتی ئەنجام دەدرێت،هەروەها هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم شێوازە بۆ چەند هۆکارێکە: یەکەم: بە پێی زانیاری توێژەر توێژینەوەیەك بەم ناونیشانە یان بە شێوەیەک توێژینەوەیەك کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوە لە (کێشەکانی خێزان خاوەن منداڵ ئوتیزم) کەم کراوە وهیچ زانیارییەکی دیاریکراوی پاشخانیشی لەو بارەیەوە نییە لە هەرێمی کوردستان. دووەم: بەو پێیەی"ڕەنگدانەوەی توێژەران سەبارەت بە کردار و تێبینییەکانیان لە بوارەکەدا، تێروانینەکان، بێزارییەکان، هەستەکان و پێکهاتەکانیان دەبنە داتایەك کە بەشێک لە لێکدانەوەکە پێکدەهێنن" (فێلیک، 1388، 18)، هەروەها توێژینەوەکانی ئێستا لە سروشتی خۆیدا بە جۆرێکن کە پێوستیان بە یەکتروە نییە لە نێوان توێژەر و چاوپێکەوتنەکەدا، بۆیە توێژەر هەوڵدەدات شێوازی توێژینەوەی چۆنایەتی بەکاربهێنێت. (او فلیك ) لە گرنگی و پێویستیی شێوازی توێژینەوەی چۆنایەتی و گرنگیدان پێی دەڵێت " توێژینەوە لە مانا دەروونییەکان و کردار و ئەزموونە ڕۆژانەکان بەقەد بیرکردنەوە لە گێرانەوە و گوتارەکان پێویستە" (فێلیک هەمان سەرچاوە،13 ) . پەیوەندی کۆمەڵایەتی توێژەر لە میتۆدی چۆنایەتیدا، بە پێچەوانەی میتۆدی چەندایەتییەوە، کە بە گۆڕاوێکی تێکدەر دەزانێت، دیارە بە بەشێک لە مەعریفە دادەنرێت. عەقڵیەتی توێژەر و ئەوانەی توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت، دەکەنە بەشێک لە پرۆسەی توێژینەوەکە. ئەم میتود بریتییە لە کوکردنەوە ، شرۆفە کردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان بە مەبەستی تێگەیشتنێکی قوڵ و گشتگیر بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو، لە ڕێگای پشتبەستن بە ئامرازەکانی وەك تێبینی وچاوپێکەوتن و بەڵگەنامەکان (العزاوی ،2016 ،100) . بەمەبەستی کوکردنەوەی زانیارییەکان ئامرازی چاوپێکەوتن بەکارهێنراوە بە ئامانجی گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی نموونەکە کراون بۆ شیکردنەوەی وەلامەکانیش پشت بە ئامرازی شیکاری بابەتی بەستراوە بە پێی ئەم ئامرازە وەڵامەکان پۆلینکراون بە پێی ڕیزبەندیی پرسیارەکان بەش لێکچووەکان دابەشکراونەتە سەر چەند تەوەرێکی دیاریکراوە دواتر شیکردنەوەی بۆ کراوە لە بەر ڕۆشنایی وەڵامەکان ئەنجامەکان خراونەتەڕوو

**2 کۆمەڵگا توێژینەوەکە:** کۆمەڵگای توێژینەوەکە، هەموو ئەو تاکە، یان دامەزراوە، یان کەسانی شارەزا دەگرێتەوە، کە دەکەونە چوارچێوەی بابەتی توێژینەوەکەوە، بەپێی ئامانجی توێژینەوەکەی توێژەر توێژینەوەیان لەسەر دەکات (ترکی،2006: 110). لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لەو دایك و باوکانەی کە منداڵ ئوتیزمیان هەیە و لە لایەن لێژنەیەکی پسپۆر لە بەریوبەرایەتی تەندروستی سلێمانی دەست نیشانکراون و لە سەنتەر ڕاهێنان ئوتیزم هەڵەبجە راهێنانیان پێ دەکرێت کەژمارەیان (88)توشی بوو.

**3 نموونە توێژینەوەکە:**

توێژەر پێویستە بەرلە دیاریکردنی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دەستنیشانی نموونەی توێژینەوەکەی بکات تا بزانێت ئەو ئامانجانەی کە لە توێژینەوەکەیدا هەوڵیان بۆدەدات ئاراستەی چ دەستەیەکی کۆمەڵگایان دەکات و لەسەرچ بنەمایەك وەریان دەگرێت، چونکە نائاشکرایی و ئاڵۆزی و کەمی زانیاری توێژەر لەسەر وەرگرتنی نموونەی توێژینەوەکەی لەوانەیە گرفت لەبەردەم ئامانجەکانیدا دروست بکات. لەم توێژینەوەیەدا توێژەر نموونەی هەرەمەکی سادە وەرگرتوە لە سەنتەری ئوتیزم هەڵەبجە و ئەو کەسانە وەرگیراوە کە منداڵ ئوتیزم هەیە و لە سەنتەر ئوتیزم لە پاریزگای هەڵەبجە ڕاهینانیان پێ دەکریت و ژمارەیان (88) منداڵ و لە خاوەنی ئەو منداڵانە کە چاوپێکەوتن یان لەگەڵ کراوە (11)دایك و باوك بوو بە شیوەی هەرەمەکی سادە هەڵبژیراون و زانیاریان لێ وەرگیراوە و هەرکەسێك کودی تایبەت بە خوی هەیە و ناوی کەسەکان پارێزراوە لە لای توێژەر .

**4 ئامرازەکانی کوکردنەوەی زانیاری**

**آ -چاوپێکەوتن**

چاوپێکەوتن یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی توێژینەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەوروبەر. توێژەر پشت بە چاوپێکەوتن دەبەستێت بۆ ئاسانکاری لە بەدەستهێنانی زانیاری ورد و بابەتیی لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوەکە، چاوپێکەوتن پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە لەنێوان دوو کەسدایە یەکەمیان توێژەر (Interviewer) وئەوی دیکەشیان کەسی لێتوێژراوە (Respondent)توێژەر بەشێوەیەکی زارەکی ڕاستەوخۆ پرسیاری ئاراستەی کەسی لێکۆڵراوەکە دەکات و چاوەڕوانی وەڵام دانەوەی لێ دەکات، ئەمە لەکاتێکدا زیاتر سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت کە توێژەر کەشێکی دەروونی گونجاو بۆ بەرامبەرەکەی برەخسێنێت بەوەی کە لە پاراستنی نهێنی وەڵامەکان دڵنیای بکاتەوە بۆ ئەوەی وەك پێویست وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە(ئەبراش، 2013: 409).جۆری ئەو چاوپێکەوتنەی کەلەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوە بریتی یە لە چاوپێکەوتنی (ڕێکخراو) مەبەست لە چاوپێکەوتنەش بەشێوەیەکی وورد پرسیارەکان دیاری کراون، توێژەر ئازادی دەداتە لێکۆڵراو بەمەبەستی قسەکردن لەسەربابەتی توێژینەوەکە.

**ب- شیکاری وەڵامەکان**

بۆخستنەروو ئەو زانیارییانەی بە دەستهاتوون ئامرازی شیکاریی بابەتی بەکارهێنراوە بەوەی کە لە شیکردنەوەی زانیارییە چونایەتییەکان بەکار دەهێنریت بە مەبەستی ڕیکخستن ودانانی زانیارییەکان لە سەر چەند بابەتیک یان تەوەرێکی دیاریکراودواتر شیکردنەوەی و شروفەکردنیان لە پێناو دوزینەوەی وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە شیکاری بابەتی لە ڕێگای تیشک خستنە سەر بەشە هاوبەشەکان دەبێت لە نێوان زانیارییەکان دواتر پۆلینکردنیان بۆ تەوەرەی دیاری کراو(العدسانی 2017 : 2). کە هەر چاوپێکەوتنی نیو کاتژمێر تا کاتژمێرێکی خایاندوە دوای تۆمار کردنی دەنگ و

نوسینەوەی زانیارییەکان بە پێی پرسیارەکانی توێژینەوەکە پۆلێنکراون و بە پێی ئەو کێشانەی کە باسکراوەن شیکردنەوە بو وەڵامەکان کراوە .

**باسی دووەم : خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریيە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە**

دوای ئەنجامدانی چاوپیکەوتن لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە ئەو زانیاریيانەی کە کوکراوانەتەوە بە پێی پرسیارە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە بۆ دۆزینەوەی کێشەکانی خێزان خاوەن منداڵ ئوتیزم لە ئەنجامەی وەڵامەکاندا دابەش دەبێت بۆ چەند تەوەریەکی سەرەکی کە شیکاریان بۆ دەکرێت، وە بە پێی گرنگی تەوەرەکان ڕێزبەندی دەکریت.

**١-کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی:**

یەکێك لەو ووتەزایانەی کە بە دەست هاتوو، کێشەی کۆمەڵایەتی وخێزانی کە لە (11) چاوپێکەوتن کە هەموویان باسی کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتیان کردوە، بەڵام لە خێزانێك بو خێزانیك تر جیاوازی هەیە، بە پێی هۆشیارو ئاستی تێگەیشتنیان بۆ کێشەکە، دواکەوتن لە گەشەی تواناکانی منداڵ و کەموکوڕی لە گەشەکردن لە ڕووی چۆنیەتی و چەندایەتی، کاریگەری هەیە لە سەر تێکەڵاوبوون پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە نیوان منداڵ و خێزانەکەی و چواردەوری کە خزم و کەس و کار وکۆمەڵگایە ، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی خێزان لە کومەڵگا دابېریت.

**بە بۆچوونی لێتوێژراو (پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکەنمان زۆر کەم بوتەوە و ئیستا خێزانەکەم لەگەڵ خوشکەکەی دا پەیوەندی پچراندوە و وەڵام تەلەفونیش نادات‌ەوە چونکە زۆر سەرزەنشتی دەکات و لەوە ناخوشتر نیە کە خوشەویسترین کەس کە خوشك قسەی لەگەڵ نەکەیت و لە ماڵیشەوە پێشوازی لە هیچ میوانێك ناکەین)( کودی ژمارە 6).**

**بە بۆچوونی لێتوێژراوکەتر( مامۆستا گیان زۆربەی جار کە دەچین بۆماڵ خوشك یان براکانم، یەکسەر بەراوردی دەکەن لەگەڵ منداڵ کەی خۆیان، دەڵێن بۆ نابیستی یان تێی ناگات، ئەی بۆ ئەو کار دەکات، بۆزۆر دەجوڵێت، بۆ دانانیشێت، ئەها منداڵ کەی من ژێر بە گۆیم دەکات)(کودژمارە 1) .**

خێزان یەکەمین و سەرەتایترین یەکەی کۆمەڵایەتییە، کە تاك بە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە، ئەمەیش وا دەکات، ژیانی کۆمەڵایەتیان سنوردار بێت و ئەندامانی خێزانەکە خۆیان دابېڕن و پەیوەندیەکانیان و گەشت و سەیرانیان کەم بکەنەوە.

**بە بۆچوونی لێتوێژراو( کەمترین چوونە دەرەومان هەیە ، زۆربەی کات لەماڵەوە کاتەکانمان بەسەر دەبێن، لە بەر ئەوەی منداڵ کەمان تووشی ئەم نەخۆشی بوو، خەمی ئەوەمە سیارە لێی بدات یان ئاگات لێی نەیێت بەکەویتە ئاوەکەوە و ئەمەیش وای کردوو هەر ماڵەوەم پێ باشتر تا گەشت و سەیران)( کودی ژمارە 9).**

نەبوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی داب ونەریتێکی باو لە کۆمەڵگادا بە مەبەستی زانینی ڕیگاکانی پەروەردەکردنی و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵی ئوتیزم دا کێشەی کۆمەڵایەتی دروست دەکات.

**بە بۆچوونی لێتوێژراو( لە ماڵەوە دەرگای لێ دادەخەم بۆ ئەوەی نەیەتە دەرەوە و خەڵك نەڵیت منداڵەکەی ئیهماڵ کردووە، و زۆرجار دراوسی کەنمان گۆیم لێی بوو وتویان مند اڵیکی شیتیان هەیە، یان کەم ئەندامیان هەیە، مامۆستا ناخوشترین شت کە زۆر ئازارم دەدات،قسەی خەڵکە)(کودژمارە 5).**

لە لایەکی ترەوە ئەم منداڵانە هەندێک جار هەست بە شەرمەزاری و شەرم دەکەن لە هەبوونی خوشک و برایەکی ئۆتیزم و گاڵتەیان پێدەکرێت، لەلایەن هاوڕێکانیانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاوڕێیەتیان سنووردار بێت، هەروەها منداڵی

ئۆتیزم ڕێز لە تایبەتمەندی کەسانی دیکە ناگرێت ئەم پرسە دەتوانێت هەستی ناڕەحەتی و توڕەیی خوشک و براکانی دروست بکات.

**بە بۆچوونی لێتوێژراو( بەهۆی بوونی منداڵ ئوتیزم خوشك و براکانی ناتوانن هاوڕێکانیان بهێنە ماڵەوە و یارییان لەگەڵدا بکەن، هەست بە شەرمەزاری دەکەن، ئیمەلە بەر تایبەتمەندی زیاتر بە منداڵ ئوتیزم کە کەمتر گرنگی بە منداڵ کەترمان دەدەین و هەرشتێك داوا بکات پێی دەدەین و خوشك و براکانی پێیان ناخوش وبێزار دەبن و کێشە و شەر هەندێك جار دروست دەبێت و کەمتر یاری لەگەڵ دەکەن)(کودی ژمارە2).**

**2- کێشە دەروونی:** یەکێك تر لەو ووتەزایانەی کە بە دەست هاتوو، کێشە دەروونی، کە کاریگەری لە سەر هەموو ئەندامانی خێزان هەیە، بە پلەی یەکەم لە سەر دایك و باوك دەردەکەوێت، چونکە بەرپرسی یەکەمن لە پەروردە و فێرکردن و چاودێری کردنی منداڵەکە ، لای هەندێ خێزان ئەم کاریگەریە دەگاتە ئاستی نەخوشی کەوتنی دایك و باوك و تووشی زەبری دەروونی دەبن و لە کۆی ئەوچاوپێکەوتن کە ئەنجامدراو زۆربەیان تووشی کێشەی دەروونی بوون و بە پێی ئاستی کاریگەریەکە لە کەسێك بۆ کەسێکتر جیاوازە.

قۆناغی زەبری دەرونیە، دوای ئەوەی کە بۆیان دەردەکەوێت منداڵەکەیان دواکەوتووە یان ئوتیزمە، بۆیە تووشی شوك دەبن، زۆر جار رەتی دەکەنەوە و پێیان وایە شتی وا نیە.

**بە بۆچوونی لێتوێژراو(کاتێك کە زانیمان منداڵ کەمان تووشی ئەم نەخوشی بوو، تووشی شوك کردین، ئیمە هیچ زانیاریەکەمان لە سەر ئوتێزم نەبوو، سەردانی چەند دوکتور دەروونی مان کرد، و هەوڵ مان دەدا کە باری منداڵەکەمان بشارنەوە، لەوە ماوەیەدا دەگەڕین بە دوای سەرچاوەی چارەسەر کە خزم و دراوسیی کەنمان بەم حاڵەتە نەزانن،لەوە ماوەیدا تووشی خەمۆکی وراڕای کە زۆری کردین، ماوەی پێنج مانگ نەخەو ن خوراکەمان نەبوو لە خەفەتی ئەم منداڵمدا)(کودی ژمارە 11)**

هەستکردن بە ترس لای باوکان و دایکان دوای دیاری کردنی منداڵ کەیان بە نەخۆشی ئوتێزم کاریگەری گەورە دەکاتە سەر دایك وباوك و ئەندامانی خێزانەکە لە لایەنی دەروونییەوە، بەجۆرێك ئەندامانی خێزانەکە نەتوانن وەك پێویست هەستن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ژیانی رۆژانەیان، لە لایەکی تریشەوە ئەترسن لەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باری منداڵەکەیان لەوەی هەیە خراپتر بێت وزیاتر ماندوویان بکات، ئەمەیش دەبێتە هۆی هەستکردن بە نائومیدی.

**بە بۆچوونی لێتوێژراو( یەکێك لەو کێشەی سەرەکی کە من هەمە ، خەمی ئەوەمە لە ژیاندا نەمینم کێ چاودێری ئەم منداڵم بکات،تەمەنی گەورەتر بێت لەم سەنتەر وەرناگیرێت ،تا تەمەنی دوانزە ساڵ وەردەگرن، بەردوام لە بیر ئەم منداڵ دام ، خوا بکات چارەسەر بدوزرێتەوەئیمەش نەجاتمان بێت لەم خەم و خەفەتە) (کودی ژمارە 8).**

نەگونجانی دەروونی لە نێوان دایك و باوك و تاکەکانی تری ناو خێزان و نەبوونی متمانە بە تواناکانی دایکایەتی ،هیلاکی جەستەیی، هەست کردن بە کوت و خۆبەستنەوە ، نەبوونی چێژی ژیان، هەست کردن بە بێئومێدی لە بەر نەبوونی سەرچاوەی پاڵپشتی یاریدەر، ترس لە سکپری داهاتوو، گومان بردن بۆ هۆکاری بۆماوەیی .

**بە بۆچوونی لێتوێژراو(ئیمە هەر ئەم منداڵەمان هەیە، ترسی ئەومان بۆ دروست بوو ئەگەر منداڵ کەترمان بێت ئەویش ئوتیزم بێت، ئەوا کی چاودێری بکات، هەست بە بێئومێدکەی زۆر دەکەین،ژیانمان زۆر زحمەت بوو و دەبێ بەردوام چاودێری ئەم منداڵ بکەم و ئەمەیش کاریگەری لە سە لایەنی دەروونی کردوو و زۆر بیتاقەت کردووەم(کودی ژمارە 8).**

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**کێشە ئابووری:**

یەکێك تر لەو ووتەزایەن کە کێشە بۆ خێزان خاوەن منداڵ ئوتیزم دروست دەکات، کێشەی ئابووریە هەرچەند لە کۆی (11) چاوپێکەوتنەکە (8) کەسیان پێیان وایە کە کاریگەری ئابووری وای کردووە کە ڕاهینان و چارەسەر کردنی منداڵ کەمان زەحمەت بێت، وئەمەیش لە خێزانێك بۆ خێزانکیتر ئەم کاریگەری جیاوازی هەیە، تێچووی زۆری چارەسەری پیشەیی و چاکسازی و پەروەردە و نزمیی کوالیتی خزمەتگوزارییەکانە لە ناوەندە حکومییەکان؛ ئەو تێچوونانەی کە زۆربەی خێزانەکان توانای ئەوەیان نییە، ئەمەش وایان لێدەکات لە نیوەی ڕێگادا واز لە چارەسەرکردن بهێنن.

**بە بۆچوونی لێتوێژراو( کێشەی منداڵەکام تەنها بە ڕاهێنان چارەسەر نابێت، پێویستی بە پزیشکی دەمار و دەروونناس و چارەسەرکاری پیشەیی هەیە، چارەسەری قسەکردن، چارەسەری مەساج، هاندانی بیستن و هتد، کاتیک دەچینە ناو نوسینگەی پزیشک، لەو کاتەوەی سڵاو دەکەین تا ئەو ساتەی ماڵئاوایی دەکەین، دەبێت پارەی بدەین، تەنانەت ئەو خێزانانەی کە توانای دارایی باشیان هەیە توانای خەرجییەکانیان نییە و هەندێکجار کارەکە بە نیوە تەواو دەهێڵنەوە؛ بەداخەوە خزمەتگوزاری ناوەندە حکومییەکان جێگەی ڕەزامەندی ئیمە نییە)( کودی ژمارە 5).**

ئۆتیزم پلەی جیاوازی هەیە و ئەم کێشەیە بووەتە هۆی ئەوەی کە پێداویستی و داواکاری خێزانەکان جیاواز بن و ناتوانن ئەو پێداویستیانە دابین بکەن، هەندێك لە جۆری ئوتیزم زۆر بەهێز و کاریگەری لە سەر لایەنی ئابووری خێزان کردووە.

**بە بۆچوونی لێتوێژراوکەتر( لە مانگ کەدا دەبێت نزیکەی (200)هەزار بۆ(300) هەزار بە دەرمان بدەین ، بۆچارەسەرکردن و هێورکردنەوەی ، من خۆم کریکارم و توانای کڕینی ئەو هەموو دەرمانم نییە، حکومەت مانگانە(150) هەزارمان پێدەدات وئەویش حاڵی حکومەت کە جاری واهەیە (50)ڕۆژ جاری معاش دابەش دەکات، نازانین بیدەین بە چی)(کۆدی ژمارە 2).**

**بە بۆچوونی لێتوێژراو( تا ئیستا چوار تەلەفزیون و سێ موبایل شکاندوو و هەرشتێك بەلاو گونجاو نەبێت دەی شکێنیت،قاپ وقاچاخ هەرچی لە کەوانتەرکەدا بێت کە تورە بوو هەموو دەشکێنیت)(کۆدی ژمارە 9)"**

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە خەرجی دارایی خێزان زیاد دەکات، کڕینی پێداویستی و کەرستەی ڕاهێنانە، سەرجەم پرۆگرامەکان خەرجی تایبەتیان هەیە، ڕەنگە هەندی لەو بەرنامەو پرۆگرامانە لە توانایی هەندی خێزان نەبێت، سەنتەر ئوتیزم لە شارەکاندا زۆر دورن و توانایی هاتوچۆو کردن زەحمەت دەبێت و بارگرانی دارایی لەسەر خێزان دروست دەکات.

**بە بۆچوونی لێتوێژراو( من سیارەم نییە ، هەندێکجار بە ماتورە منداڵەکەم دەهێنم بۆ سەنتەرئوتیزم بۆ ڕاهێنان، و جارجارێك تەکسی دەگرم و توانایی کرینی ئەو پیداویستی ڕاهێنانانم نییە )(کۆدی ژمارە3).**

**بە بۆچوونی لێتوێژراوکەتر (بێ خانووی" کرێچی یەتی"" نەبوونی ژورێکی تایبەت بە منداڵکەم ئەوەندی تر باری ژیانمان قورس بوو، نازانم چی بکەم، و حەزی لە خواردنی ماسی و مریشك، ئەگەر هەرخواردنی مریشك لەگەڵ نەبێت ناخوات"دەی من لە کۆی بینم)(کودی ژمارە 8)**

منداڵی ئوتیزم پیویستی و داوکاری زۆرتری هەیە بە بەراوورد بە منداڵە ئاساییەکانی تری ناو خێزان و خەرجیشی زیاتر بە هۆی درێژە کیشانی نەخۆشیەکەی کە دەبێتە هۆی تێوەگلانی خێزانەکەی بۆ خەرجکردنی پارەیەکی زۆر بۆ دابینکردنی پێداویستیە کان،ئەمەیش کاریگەری هەیە، لەسەر خێزان ودابەزین ئاستی ئابووری.

***بە بۆچوونی لێتوێژراو( من زۆر بەی جار ناتوانم هیچ کارێکی تر بکەم و بەردوام چاودێری منداڵەکەم دەکەم ، ئەگەر وانەبووایە، خۆم فیری خیاطی دەکرد، کەمێك باری دارایمان باشتر دەکرد)( کودی ژمارە7).***

**باسی سێیەم : دەرئەنجام و راسپاردەکان و سەرچاوەکانی توێژینەوەکە**

**1- دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

خێزان خاوەن منداڵی ئوتیزم تووشی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی دەبێتەوە هەندێکیان خودی منداڵەکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ رۆڵ دەبینێت لە دروست کردنی ئەو کێشانەدا بە هۆی توندی حاڵەتی ئوتیزمە کەوە و هەندێك لە کیشەکانی تر بە هۆی ناهۆشیاری کۆمەڵگا بە گشتی و کەسە نزیکەکانی دەرەوەی چوارچێوەی خێزان و نا شارەزایی لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ ئوتیزم ئەرکی خێزان قورس کردوە، خێزانی تووشی هیلاکی و ماندووبوونی زۆری جەستەیی و دەروونی کردووە، تووشی چەند کێشەیەکی دەروونی وەکو( دڵەراوکێ و ترس و بێئومیدی و خەم و خەفەت )بوو.

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە خەرجی دارایی خێزان زیاد دەکات، کرینی پێداویستی و کەرەستەی راهێنانە، سەرجەم پرۆگرامەکان خەرجی تایبەتیان هەیە، رەنگە هەندی لەو بەرنامەو پرۆگرامانە لە توانایی هەندی خێزان نەبێت، کاریگەری ئابووری وای کردووە کە راهینان و چارەسەر کردنی منداڵکە زەحمەت بێت، ئەمەیش لە خێزانێك بۆ خێزانکیتر ئەم کاریگەری جیاوازی هەیە، تێچووی زۆری چارەسەری پیشەیی و چاکسازی و پەروەردە و نزمیی کوالیتی خزمەتگوزارییەکانە لە ناوەندە حکومییەکان؛ ئەو تێچوونانەی کە زۆربەی خێزانەکان توانای ئەوەیان نییە، ئەمەش وایان لێدەکات لە نیوەی رێگادا واز لە چارەسەرکردن بهێنن، نەبوونی زانیاری لەسەر ئوتیزم لای خێزانەکان، هۆکارە بۆ دروست بوونی کێشەی زیاتر لە شیوازی چاودێر کردنی پەروردەکردنی منداڵی ئوتیزم لە رووی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییەوە کەوای کردووە ئەرکی دایك و باوك ئەوەندی تر قورس بکات.

**2- پیشنیاز و راسپاردەکان:**

1-پیویستە لە لایەن حکومەت و دەزگاکانی راگەیاندن کار بکەن بۆ ناساندنی حاڵەتەکانی نەخۆشی ئوتێزم و کۆمەڵگاهۆشیار بکرێتەوە لە شێوازی مامەڵەکردن و تێروانینیان بۆ ئەم حالەتە لە رێگای بەرنامەو سمینار وورك شوپ لە لایەن کەسانی پسپۆر و شارەزا لە بوارەکەدا.

2 پێویستە لە لایەن حکومەت و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە بری پارەی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ منداڵ ئوتیزم بۆ پرکردنەوەی پیداویستیەکان .

3-پیوێست دەکات توێژینەوەی زیاتر لە سەر کێشەکانی خێزان خاوەن منداڵ ئوتیزم ئەنجام بدرێت لە بوارە جیاجیاکان و بە وەردی دەست نیشانی کێشە سەرەکییەکان بکرێت.

4-پێگەیاندنی کارمەندی پسپۆر و شارەزا لە لایەن حکومەت وە بۆ کەم کردنەوەی بار گرانی لە سەر خێزانەکان وڕاهێنانیان لە دەرەوەی وڵات .

پەراوێزەکان:

سەنتەر ئوتیزم هەڵەبجە: ئەم سەنتەر لە پارێزگای هەڵەبجە لە کۆتایی ساڵی 2023 کراوەتەوە و لە لایەن خێرخوازیەکە و دروست کراوە و پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کراوە، لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان 34 کارمەندی بە شیوەی گری بەست بۆ دامەزراندووە و لە ئیستا دا 15 ڕاهینەر ،ڕاهێنان بە 88 مندڵ ئوتیزم دەکەن و منداڵ تا تەمەنی 12 ساڵ وەردەگرن کە لە لایەن لێژنەی پزشکیەوە دەست نیشان دەکرێن.

کۆدکردن: شێوازێکە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، بە شێوەیەک کە کۆدەکان بە کەمکردنەوەی قەبارەی دەقەکە لە ڕێگەی گواستنەوەی مانا پۆلێن دەکرێن و مەبەست لە کۆدکردن، لە شێوازی توێژینەوەی چۆنایەتی و زۆرجاریش لە میتۆدی بنەڕەتیدا دەرهێنانی تیۆرییە، بەڵام لێرەدا مەبەست لە کۆدکردن ئەوەیە، کە دووبارە داتاکان پێکەوە کۆبکرێنەوە بۆ لێکدانەوەیان(محەمەد پوور 2019.: 138)..

ووتەزا: ئەم بۆچوونە باسی لە ستراتێژی شیکردنەوەی هاوردە چۆنایەتییەکان دەکات، کەوا هاوردە چیرۆکییەکان بەوردی شیدەکاتەوە و پاشان ئەوانە بۆ بەرهەمهێنانی کاتێگۆری بەکاردەهێنێت و بە شێوەیەک ئاسانکاری بۆ بەراودکردن و تێگەیشتنی دیاردەکانی توێژینەوە دەکات و سەر لە نوێ ڕێک وپێکیان دەکاتەوە (هەمان سەرچاوە 2019.: 144).

**سەرچاوەکان:**

**١سەرچاوە کوردی**


- ئەبراش، ئیبراهیم(2013) میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، وەگیرانی: دیدارئەبوزێد، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

- باجەلان، مەحمود عبدالکرم (2017) لە پێناوپەروردەیەکی باشتر، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، هەولێر

- عبدالرحیم، ئارام ، ٢٠٢٠ز، گەنج لە کۆمەڵگای کوردیدا، چاپخانەی نما، تاران

- عەلی ، رحمان( 2019) ئوتیزم، (پێناسە ، نیشانە، هۆکار، دەستنیشانکردنی) چاپی یەکەم ،سەنتەر ڕێدۆز، سلێمانی

- قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2011)، سایکولۆژیا و پەروردە منداڵ، چاپ یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی

- محەمەد پوور، ئەحمەد(2019) میتۆدناسی، سەرەتایەک لەسەر میتۆدەکانی لێکولینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپ یەکەم، نشر لوگوس، قم، ایران


سەرچاوەی عەرەبی

sjh@univsul.edu.iq

- أبو جادو، صالح محمد على (1998) سيكولوجيه التنشئه الاجتماعيه ، الطبعه الاولى ، دار المسيره للنشر و التوزيع و الطباعه ، عمان ، اردن

- تركى، ابراهيم محمد ( 2006)دراسات فى مناهج البحث العلمى ,دار الوفاو,اسكندريه,مصر,

- رضوان، حسين عبدالحميد أحمد،( 2005)المجتمع (دراسه فى علم الآجتماع)، الگبعه الرابعه، المكتب الجامعى الحديث، الآسكندريه،

- الريحانى، د.سليمان طعمة و اخرون (2010) ارشاد ذوي الحاجات الخاصة واسرهم، دارالفكر، عمان، الاردن

- زهرى، د. زينب محمد و صالح على الزين( 1990)، دراسات فى علم الاجتماع و الانپروبولوجيا ، الطبعه الاولى ، الدار الجماهيريه للنشر و التوزيع و الاعلان ، ليبيا ، ، ص30.

- السنهورى ، عبدالمنعم يوسف (2009) خدمة الفرد الاكلينيكية نظريات و اتجاهات معاصرة، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية ،مصر

- صالح، على عبدالرحيم(2012) مدخل الى دراسة التوحد، تموزة لطباعة و النشر والتوزيع، دمشق ، سورية

- العدسانى ،هبه( ٢٠١٧ )تحليل بيانات البحث ا لنوعى : كيف احلل بيناياتِ ، دراسه تحليليه، بغداد ، جامعه البغداد

- العزاوى ، سالم جاسم محمد( ٢٠١٧ ) البحث الكيفى فى العلاقات العامه ، دراسه تحليليه، بغداد ، جامعه البغداد

- عبدالله، ابراهيم، فرج الزريقات (2006) الاعاقة البصرية، امفاهم الاساسية و الاعتبارات التربوية، دالمسيرة، عمان ، الاردن

- العزة، سعيد حسنى(2001) الاعاقة العقلية، الدار العميةالدولية والنشر دارالثقافة للنشر والتوزيع، عمان ، الاردن

- عونى، مليحه و د. صبيح عبدالمنعم أحمد (1985)علم الاجتماع العائله ، مطبعه جامعه بغداد ص6.

- القبالى ،يحيى(2008) الاضطرابات السلوكية و الانفعالية، دار الطريق للنشر والتوزيع، عمان الاردن

- قطامى،د. نايفة و محمد برهوم(1997) طريق دراسة الطفل ، دارا الشروق للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن

- كامل، محمد على (2005) الاوتيزم (التوحيد) الاقة الغامضة بين الفهم والعلاج، مركز الاسكندرية، مصر

- كمال،طارق،(2005) الاسرة و مشاكل الحياة العائلية، مؤسسة شباب الجامعة. الاسكندرية ، مصر

- محمد ، عبدالفتاح محمد(2009) ظواهر و مشكلات الاسرة و الطفولة المعاصرة، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية. مصر

سەرچاوە بیانیەکان

- فلیک، اووە، ١٣٨٨ ، درامدی بر تحقیق کیفی، ترجمەهادی جلیلی، چاپ دووم، تهران: نشرانی

- Kartzinel. Jerry(2010) Healing and preventing. Aplume publishing book. USA.

- Chaput.L, M. (2013). The Risk and Protective Factors for Adolescents with an Addicted Parent. *Master of Social Work Clinical Research Papers.* Retrieved from http://sophia.stkate.edu/msw_papers/161

Issues Faced by Families of Autistic Children:

A Qualitative Study in Halabja Governorate

Abstract

Having an autistic child brings various changes, duties, and responsibilities in family life. The families with autistic children are required to adapt to these changes to avoid the upcoming challenges. The aim of this qualitative study is, therefore, to descriptively reveal issues faced by the families of individuals with autism spectrum disorders. To collect data, interviews were carried out with eleven parents of autistic children, who were randomly selected. After conducting content analysis, the results indicated that families with autistic individuals face numerous social and familial challenges. The source of these challenges is either the autistic child himself/herself or the lack of awareness of society, especially the close individuals in the family. Further, an autistic child brings a multitude of psychological problems to the family, including anxiety, fear, and depression. It was also found that the families had abandoned the required training that the children needed in the middle of the process due to the high costs of the training.  On the other hand, the families had poor knowledge levels with respect to autism, which, consequently, led parents to have more social, psychological, and economic problems.

**Keywords: autism, child, family, family issues**